# بەختەوەری هاوسەرگیری لێرەوە دەست پێدەکات

## ( پێش ژن هێنان )

[ بە کوردی ]

## من هنا تبدأ السعادة الزوجية

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : بشتیوان سابیر عەزیز

الكاتب : بشتيوان صابر عزيز

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# بەختەوەری هاوسەرگیری لێرەوە دەست پێدەكات

## ( پێش ژن هێنان )

بەختەوەری هاوسەرگیری شتێكی مەحاڵ نیە، دەتوانرێت بەشێوەێكی ئاسان پەیدا بكرێت بەمەرجێك  پابەندبین بە شەرعی خوای گەورە و بوونی عادات و تەقالید نەبێتەكۆسپێك لەپێشیدا.

وەبۆ بەدەسهێنانی ئەم بەختەوەریە  دەبێت ڕەچاوی دوو خاڵی گرنك بكرێت پێش ژن هێنان :

یەكەم: هەر كەسێك بیەوێت نیوەی ئاینەكەی تەواو بكات پێویست دەكات بەچاكترین شێوە هاوسەرەكەی خۆی هەڵبژێرێت.

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت: " تنكح المرأة لأربع : لمالها، ولحسبها ، ولجمالها ، ولدينها . فاظفر بذات الدين تربت يداك " الراوي: أبو هريرة  -  خلاصة الدرجة: صحيح  -  المحدث: مسلم  -  المصدر: المسند الصحيح  -  الصفحة أو الرقم: 1466

واتە: ئافرەت مارەیی دەكرێت لەبەر خاتری چوار شت: پارەكەی و ڕەسەنەكەی و  جاوانیەكەی و  ئاینەكەی،چاكترینیان ئەوەیە كە خاوەن ئاینە.."

هەروەها دەفەرموێت:" من سعادة ابن آدم ثلاثة ومن شقاوة ابن آدم ثلاثة من سعادة ابن آدم المرأة الصالحة والمسكن الصالح والمركب الصالح ومن شقاوة ابن آدم المرأة السوء والمسكن السوء والمركب السوء "

الراوي: سعد بن أبي وقاص - خلاصة الدرجة: إسناده صحيح - المحدث: المنذري - المصدر: الترغيب والترهيب - الصفحة أو الرقم: 91/3

واتە: ئەوەی ببێتە هۆی بەختەوەری نەوەی ئادەم - عليه‌السلام - سێ شتن و ئەوەشی ببێتە هۆی بەدبەختیش سێ شتن،
بەختەوەریەکان بریتین لە: ئافرەتێکی چاك ( صالحه) و ماڵ و خانوێکی چاك و سوارگەیێکی چاك...

چۆن بزانین ئەو ئافرەتەی کە ئەمانەوێت بیکەین بە هاوسەری خۆمان ئافرەتێکی چاکە؟

ئافرەتی چاك ئەو کەسەیەکەپابەندە بەسنوورەکانی خوای گەورە، وە دەناسرێت بەچەند شتێك لەوانە:

* خیزان: گەورە بوون لە خێزانێك کەڕێز لەبنەماکانی ئیسلام بگرێت دەبێتەمایەی پەروەردە بوونی منداڵەکان بەجوانترین شێوە، وەبێ گومان دایکی چاك هەردەم دەبێتەمایەی چاکبوونی کچەکەی.

* سیما و روخسار : هەر ئافرەتێك بەشێوەیێکی شەرعی پۆشاکی کرد کە ببێتە مایەی پۆشینی لاشەی، وە جوانی خۆی دەرنەخات ئەوە سنووری خوای گەورەی پاراستوە، خوای گەورەدەفەرموێت: { وقل للمؤمنات يغضضن من ابصارهن ويحفظن فروجهن ولا يبدين زينتهن الا ما ظهر منها } سورة النور :٣ .

* هەڵس و کەوتی گشتی: هەر ئافرەتێك ئەگەر زانرا کەوا تێکەڵاوی گەنجان ناکات ، وەناچێت بۆ سەیرانگەی بەناو زانستی کە ئێستا ڕەواجێکی زۆری پێ ئەدرێت لەکوردستان، هەروەها بەتەنیا ناچێت بۆ بازارەکان و تێکەڵاوی نامەحرەم ناکات ، وە سەرەتاتکێ ناکات لەکوڵانەکان... ئەوە بەیارمەتی خوای گەورە ئافرەتێکی چاکە.

ئەم چەند خاڵەی سەرەوە دەربارەی چۆنیەتی ناسینی ئافرەتی چاك بوو ، وە ئێستا دێینە سەر ناسینی پیاوی چاك، چونکە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هانی باوکان دەدات کەوا پیاوی خاوەن ئاین و ڕەوشتی چاك هەڵبژێرن بۆ کچەکانیان ، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )

دەفەرموێت: "   إذا خطب إليكم من ترضون دينه وخلقه فزوجوه، إلا تفعلوا تكن فتنة في الأرض وفساد عريض ". صحيح البخاري

واتە: ئەوەی هاتە داخوازی کچەکەتان و دڵنیا بوون لە ئاین و رەوشتی ئەوە مارەی لێ بکەن ، وە ئەگەر ئەوە نەکەن دەبێتە مایەی فیتنە لەسەر زەوی و بەدرەوشتی بڵاو دەبێتەوە .

چۆن بزانین ئەو گەنجەچاك و لەخواترسە؟

* خێزان: بێ گومان هەر چۆن ڕۆڵی هەبوو لە چاك بوونی ئافرەت ئاوهاش ڕۆڵی هەیە لەچاك بوونی گەنج.

* برادەر و هاورێ: گەورەترین شوێنەواری هەیە لەسەر ژیانی گەنج، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )  دەفەرموێت: " الرجل على دين خليله فلينظر أحدكم من يخالل   " الراوي: أبو هريرة  -   خلاصة الدرجة:

إسناده صحيح - المحدث: النووي - المصدر: رياض الصالحين - الصفحة أو الرقم: 177

زۆر گرنگە باوکی ئافرەتەکە پرسیاری تەواو بکات دەربارەی برادەرو هاورێی ئەو کەسەی دێت بۆ داخوازی کچەکەی، چونکە ئەگەر برادەرەکانی چاك و لەخواترس بن، ئەوە بەیارمەتی خوای گەورە ئەو گەنجەش چاك دەبیت، وەئەگەر برادەرەکانی خراپ و بەدڕەوشت بن ئەوە گەنجێکی خراپەو دەبێت کچی خۆی مارە نەکات لەو جۆرە کەسانە ئەگەر چیش دەڵەمەند و کوری بەربسیارێکیش بێت، هەروەها نابێت کچەکەش رازی بێت بەو جۆرە گەنجانە.

* مزگەوت: ئەگەر ئەو گەنجەی کەدێت بۆ داخوزی، لەو کەسانەیە کە هاتوشوی مزگەوت دەکات و نوێژەکانی بەرێك و پێکی دەکات ، ئەوە بەیارمەتی خوای گەورە گەنجێکی چاکە.

* کار کردن: ئەو گەنجەی کە کار دەکات و خۆی ماندوو دەکات بۆ ئەوەی لەپاش خوای گەورە پشت بە خۆی ببەستێت و چاوی لەدەستی ئەم و ئەو نەبێت و پارەی حەڵاڵی دەسکەوێت ، ئەوە بێ گومان ئەو

گەنجە دەتوانێت خێزان بنات بەڕێوەو زاڵت ببێت بەسەر هەموو کێشەو کۆسپێك، وەئەو کەسەپیاوە بەمانای ووشە.

پێغەمبەری خوا دەفەرموێت:" ما أكل أحد طعاما قط ، خيرا من أن يأكل من عمل يده ، وإن نبي الله داود عليه السلام كان يأكل من عمل يده " الراوي: المقدام بن معد يكرب - خلاصة الدرجة: [صحيح] - المحدث: البخاري - المصدر: الجامع الصحيح - الصفحة أو الرقم: 2072

دووەم: خوازبێنی کردن :

خوازبێنی کردن بەڵێنەبەژن هێنان، وە لە ئیسلامدا ڕەوایە کەوا کچ و کوڕ یەکتری ببینن، چونکە ڕێگەیێکە بۆ بەردەوام بوونی خۆشەویستی لە نێوانیاندا، لە موغیرەی کوری شوعبە- رەزای خوای لێ بێت خوازبێنی ئافرەتێکی کرد ، پێغەمبەری خوا پێی فەرمو : أنه خطب امرأة فقال النبي

صلى الله عليه وسلم انظر إليها فإنه أحرى أن يؤدم بينكما " الراوي: المغيرة بن شعبة - خلاصة الدرجة: حسن - المحدث: الترمذي - المصدر: سنن الترمذي - الصفحة أو الرقم: 1087

واتە: ئایە تەماشای ئافرەتەکەت کرد؟ وتی: نەخێر، پێغەمەر صلى الله عليه وسلم پێی فەرموو: تەماشای بکە...

حیکمەت لەم تەماشا کردنە بۆ ئەوەیە کە پیاوەکە دڵنیا بێت ئەو ئافراتە هیچ عەیبێکی تێدا نیە.

وەدەبێت تەماشا کردنەکە سنور دار بێت، وەهەندێ لەزانایان تەنها دەس و رووی ئافرەتیان رەوا کردوە بۆ تەماشا کردن.

بۆ ئەم باسەکرا؟

لەوەڵامدا دەڵێم : ئەگەر تەماشای بارودۆخی وڵاتی خۆمان بکەین چەنها کێشەی جۆراو جۆر دەبینین ڕوودەدات لەنێوان ژن و مێردا ، هۆکەشی بەڕای من ئەگەریتەوە بۆ زۆر شت، گەورەترینیان بریتیە لە کەم تەرخەمی کردن لەو دوو خاڵەی باسمان کرد.

لەکۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورە یارمەتی برایان و خوشکانمان بدات بۆ دروست کردنی بەختەوەری لە هاوسەرگیریدا و ژیانێکی خۆش و کامەران ببەنە سەر لەدونیا،وەبەبەهەشتی بەرینش شادیان کاتەوە.

وصلى الله وسلم على نبينا وحبيبنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين